بە بۆنەی بیست و یەکەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# ڕامان و گەشەپێدانی زمانی ستانداردی کوردی

**فەرەیدوون سامان***

دەمێک بوو بیرم لەوە دەکردەوە چەند پەیڤێکی ڕاستبێژانە لە ساڵیادی تێپەڕینی بیست و یەکەمی دەرچوونی گۆڤاری ڕامان بنووسم، بەڵام لە کوێوە دەست پێبکەم و چۆن کۆتایی بە کرۆکی مەبەست بهێنم، بەو مەرجەی هەوڵ بدەم کە خوێندنەوەی من تا ڕادەیەک جیاواز بێت لەگەڵ بۆچوونی ئەو نووسەرانەی کە پێشتر قسەیان لەسەر ئاکارە باشەکانی ئەو گۆڤارە کردووە، بۆیە پێموایە هەر شتێ بڵێم لەسەر بەهای ناواخن و بابەتە جیاوازە بڵاوکراوەکانی لەماوەی ڕابوردوودا شتێکی نوێ نابێت، مەگەر بەرایی بە ویژدانەوە قسەیەک لەسەر دڵسۆزی و شەکەتی سەرنووسەری ڕامان بکەم، کە چۆن لەو ماوەیەدا سەرسەختانە لەو گۆڤارەدا خزمەتی بە ڕەوتی گەشەپێدانی زمان و کولتوری کوردی کردووە، ئەویش لە ڕێگای وەشاندنی بەردەوام و بێ پچڕانی ئەو گۆڤارە تەژی لەژانرە جیاوازەکانی هونەر و ویژە و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی و بابەتگەلی ڕۆژنامەوانی، ئینجا چ ئەوانەی بە کوردی نووسراون، چی ئەوانەش کە دەقی وەرگێڕدراون لە زمانە بیانییەکانەوە. ڕاستییەکەش بۆ دۆزی گەشەکردنی زمانی کوردی لە گۆڤاری (ڕامان)دا بایەخێکی زۆری پێداوە.

سەرنووسەر لەو گۆڤارەدا بایەخی زۆری بە ڕەوشی گەشەکردنی زمانی کوردی و خاڵبەندی و ڕێنووس داوە، ئەو گۆڤارە لەو تاک و تەرایانەیە کە لە ماوەی ڕابوردوودا نموونەیەکی جوان و جیاوازی لەسەر ئاستی کەمکردنەوەی کێشە و ئاستەنگەکانی زمانی کوردی ناوەڕاست پێشکێش کردووە، کە ئەمڕۆکە لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها لەسەر ئاستی ئێراقدا بە فەرمی ناسراوە و ددانی پێدا دانراوە.

لە دوای ڕاپەڕین وێڕای هەبوونی ئازادی، کاری ڕۆژنامەوانی و چاپەمەنی و وەشاندن، مخابن لەسەر ئاستەکانی چاپەمەنی و میدیادا (هەروەها کتێبەکانی میتودی پەروەردەیی)ش، سەبارەت بە زۆر هۆکار زمانەکەمان تووشی ئاستەنگ و پاشەکشەیەکی زۆر، تەنانەت لەتبوون هات. بۆ نموونە لە پرۆسەی نووسیندا هێشتاکە زۆرینەی نووسەرانی کورد هەوڵدەدەن هەریەکەیان بە دیالێکتی ناوچەکەی خۆیان بنووسن، یان

له پرۆسەی وەرگێڕاندا نووسەران شێوەزاری ناوچەکەی خۆیان بەسەر دەقە وەرگێڕدراوەکاندا زاڵ دەکەن و کەمتر بایەخ بە وشە و زاراوەی دەڤەر و ناوچەکانی دیکە دەدەن، سەرباری ئەو دیاردەیەی کە لە پاش ڕاپەڕین خەڵکانێک گوایە زمانێکی بیانی دەزانن، کەچی زمانی کوردییان بە پەیڤ و زاراوەی نامۆی بیانی ئالوودە کردووە، کە ئەسڵەن پێویست ناکات ئەو وشە و زاراوانە شوێن بە وشە و زاراوە کوردییە ڕەسەنەکان لەق بکەن، کە لە شێوەزاری دیکەی کوردیدا هەن و دەکرێت نووسەران کەڵکیان لێوەربگرن. زمان کە سەرەکیترین توخمی فەرهەنگ و کولتووری هەر نەتەوەیەک و ناسنامەکەیەتی، توخمێکی ئەوتۆ کە لەناوچوونی، واتە لەناوچوون و توانەوەی نەتەوەکەیە، هەر بۆیەش ئەو کەس و نەتەوانەی کە ویستبێتیان نەتەوەیەکیتر بتوێننەوە، سەرەکیترین و زیاترین هەوڵیان، تواندنەوەی زمانی ئەو نەتەوەیە بووە، گەلی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە زمانەکەی بە بەردەوامی کەوتۆتە بەر شاڵاوی دڕندانە و هۆڤانەی دوژمنان و داگیرکەران، بەڵام بە خۆشییەوە هەوڵی ڕووناکبیران و زمانناسانی کورد بۆ پاراستنی زمانەکەی نەگۆڕ و نەپچڕاوبووە.

زمان جیا لەوەی کە مافی سروشتی و خواپێداوی هەر نەتەوەیەکە، لە هەمان کاتیشدا کاریگەری لەسەر ڕامان و هزری مرۆڤ هەیە، پچڕانی پێوەندی لە نێوان زمان و هزر، گەورەترین خەساری بووبێ، پەروەردەیە بە زمانی زگماکی، یان زمانی دایک، کە پسپۆڕانی ئەو بوارە و لە ناویاندا ڤیگۆتسکی بە تێروتەسەلی کاریگەرییە نەرێنییەکانیان شیکردۆتەوە. زمان فاکتەری سەرەکی جیاوازیی نێوان مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەرگۆی زەوییە کە دەتوانێت هەموو ئایدیا و خەونەکانی پێ تۆمار بکات و بە هۆیەوە لە پێوەندییەکی بەردەوامی خۆی لە سەرەتای بوونییەوە تا ئێستا، گەلێک گۆڕانکاری و وەرچەرخانی مەزن لەناو مرۆڤایەتی لە پانتاییە جیاوازەکانی پێناسەی زمان هاتووەتە گۆڕێ.

زمان کە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی نەتەوەسازییە، هەر نەتەوەیەکیش زمانەکەی لەدەست بدات، ئەوە بێ گومان خەسڵەتی سەرەکی نەتەوەبوونی خۆی لە دەستداوە، نموونەش لە ڕۆژهەڵاتی دێریندا گەلانی ڕەسەنی ناوچەکە وەک فینیقی، بابلی، ئاشوور و کلدان، هەروەها لە باکووری ئافریقیا میناک قیپتی و ئەمازیغییەکانن، با لەڕابوردووشدا خاوەنی شارستانییەت و فەرهەنگی خۆیشیان بووبن، وەک چۆن ئەمڕۆش دەبینین سەبارەت بەداگیرکاری عەرەب و ئیسلام بۆ وڵاتی شام و ئێراق و باکووری ئافریقیا، وەلێ مخابن ئەوڕۆ وەک ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان کە زمانە، ڕەش بوونەتەوە، مەگەر لەسەر ئاستی چەند گرووپێکی بچووک، لێرە و لەوێ کە تەنێ بۆ قسەکردن نەبێت، ئێستا ئەم گرووپە ئیتنیکیانە لە بۆتەی نەتەوەی سەردەستی عەرەبدا تواونەتەوە، با خاوەنی قەوارە و نیشتمانی خۆیشیان بن، ئەو نەتەوانە زمانەکەی خۆیان لە دەست داوە و ڕەش بوونەتەوە، مخابن تاڕادەیەک کوردیش هەمان چارەنووسی تراژیدی ئەو گەلانەی هەیە، بەڵام بە کەمێک جیاوازی، ئەویش ئەوەیە کە وێڕای چیا سەختەکانی، ئەدەبی زارەکی و میللی و فۆلکلۆرییەکەی توانی زمانەکەی بپارێزێت، هەرچەندە پتر لە ١٤٠٠ ساڵە نیشتمانەکەی داگیر و دابەشکراوە، نەتەوەکەی پارچەپارچەکراوە، هاوکات دەبینین زمانەکەشی داگیرکراوە و بۆ چەند دیالێکت و بن دیالێکتێکی جیاواز دابەش بووە، هەرچەند ئێمە قوربانیی جوگرافیای سروشتین، داگیرکەران زۆر بە توندی زمانەکەیان لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن لێ قەدەغە کردووین، بەڵام خۆشبەختانە چیاکان پشتوپەنامان بوون زمانەکەیان پاراستووین. دەبینین هەتا ئەوڕۆش دایکی کورد لەهەر بستێکی جوگرافیای پان و بەرینی زمانەکەمان، منداڵەکانی بە زمانی شیرینی کوردی گەورە دەکات.

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی گەلێک لە زمانەکان لەبەر دەسەڵاتی سەرەڕۆ و زەبروزەنگ و ڕوانینی نامرۆڤانەی نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی دیکە، یان لەناو چوون، یان ڕێگە و دەرەتانێکی وایان بۆ گەشە و پێشکەوتنی خۆیان نەبووە، لە ئاوا بارودۆخێکدا بە تایبەتی ئەرکی ئەو کەسانەی بەرپرسی دەزگایەکی چاپەمەنی، یان ئەکادیمی زمانناسین، یان بەرپرسی ڕۆژنامەیەک، یان گۆڤارێکی کولتوورین، ئاخۆ چ ئەرکێکی نەتەوەییان دەکەوێتە ئەستۆ تا لەگەڵ خەڵک و خوێنەران لە پێوەندیدا بن، هەڵوێستیان چی و چۆن دەبێت بەرانبەر بە سەرەکیترین شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و مرۆییمان؟

ڕاستە ئەوڕۆ سەرباری هەبوونی دەسکەوتی گەورە بۆ زمانی کوردی، بەتایبەت لە باشووری کوردستاندا کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێراقدا لەلایەن پەرلەمانی ئەو وڵاتەوە بە فەرمی زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی ناسێنراوە، وێڕای هەبوونی داوودەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، تەنانەت لە هەندێ دەڤەری دەرەوەی هەرێمیش بە کوردی دەخوێنرێت، سەرباری هەبوونی دەیان کەناڵی تەلەڤزیۆنی لۆکاڵی و ئاسمانی، دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی زۆر، وەلێ مخابن هێشتا لەسەر ئاستی مێدیا و پەروەردەدا چەندان گرفتی زمانەوانیمان هەیە، وەک گرفتەکانی جووت ستانداردی، فرە ڕێنووسی وەک نووسین بە تیپی ئارامی و لاتینی، هەبوونی وشە و زاراوەی بیانی نامۆ و نەگونجاو لەناو زمانی کوردیدا، کە بونیاتی زمانەکەمانیان شێواندووە، یان بوونی دەیان تێکست و کتێبی وەرگێڕدراو لە زمانە بیانییەکان بۆ زمانی کوردی، کە بەداخەوە زۆربەی زۆریان بەسەقەتی وەرگێڕدراون و ڕەچاوی مەرجەکانی هونەری وەرگێڕانیان تێدا نەکراوە، لە کاتێکدا دەتوانم بڵێم یەکێک لە جومگەکانی بەستانداردکردنی زمان لە ڕێگای پرۆسەی وەرگێڕانەوە دەبێت، دیارە ئەمانە هەر هەموویان کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر گەشەکردنی سروشتی زمانی کوردی هەبووە.

ئازاد عەبدولواحید سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان شێلگیرانە بە بەهرە و سەلیقەی خۆی مامەڵەیەکی پاک و گونجاوی لەگەڵ ئەو کێشە زمانەوانیانەدا کردووە، کە زۆر لە نووسەرانی تر ڕەنگە هەستیان بەو بەرپرسیارێتییە نەکردبێت. پێمـوایە دیمانە و هەڤپەیڤین وەک بەدیلی نووسینەوەی ئەزموونی نووسەران دەبێتە سەرچاوەیەکی ئەرشیڤی گرانبەهای زانیاری لە کاتشوێنێکدا کە لە پێشاژۆی ڕووناکبیرانی نەتەوەیەکدا کە یادەوەرییەکانی دەرفەتی ئەوەی بۆ نەرەخساندوون کە بۆ خۆیان بێن باس لە ئەزموونەکانیان و وێستگەکانی ژیان و نووسینی خۆیان بکەن.

من دەزانم ئەو کارەی ڕامان دەیکا، ئەرکی دەزگایەکی ئەکادیمی گەورەیە کە گەرەکە وێڕای توانستێکی باشی دارایی و ژمارەیەک لە کارمەندانی شارەزا و پسپۆڕ لە بوارەیلی زمان و ناسنامە و کولتووری پێکهاتە جیاوازەکاندا، هەروەها کۆمەڵێک پێداویستی ماددی و مەعنەوی کە پێویستە لەبەردەستدا بێت، هەر بە تەنێ بە هەبوونی چەند تاکەکەسێکی وەک سەرنووسەری ڕامان، یان چەند نووسەرێکی کەم، ئەوە زۆر زەحمەتە تا سەر و بەم شێوەیە بە تەنیا بەردەوام بێت، ئەگەرچی وەک لە بەرایی ئاماژەم بە توانایی و بەهرەکانی ئەو گۆڤارە کرد، کە دەتوانێ بە هێوری شان بداتە بەر ئەو ئەرکە قورسە مێژووییە و خزمەتێکی گەورە بە کولتووری کوردی و کوردستانی بکات وەک تا ئێستا کردوویەتی.

*** بەرپرسی کۆمیتەی زمان و وەرگێڕان لە ناوەندی پێنکوردی نێونەتەوەیی.**